حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

ژمارە (7) ١١ ی تشرینی یەکەم / ٢٠٠٥

سەرنوسەر: تاهیر حەسەن

هاوکاری سەرنوسەر: خەسرەو سایە

# بانگەوازی ڕێبوار ئەحمەد بۆ خەڵکی کوردستان



مەسعودبارزانی ماوەیەك لەمەوبەر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامە نووسیدا ووتی ( نایشارمەوە ئەوان مەبەستی ئیسلامی وقەومیەعەرەبەکان بو وە ئێستاش بۆیان بکرێت ئەنفالمان دەکەن!). هەڵبەتە ئەم قسەیەی ڕاست بوو، بەڵام ئەوانەی کە دوای ١٤ساڵ جیایی کوردستان، خەڵکەکەی بۆ ژێر باری دەسەڵاتی ئەنفالچی ڕاپێچ دەکەن، ئەوانەی کە لە پێناو مەرام ومەبەستی حەقیرانەی خۆیاندا ئەم خەڵکە ستەمدیدەیە دەگێڕنەوە بۆ ژێر ڕکێفی ئەنفالچیەکان و ناویشی دەنێن (یەکێتی ئارەزوو مەندانە) خەریکن گەورەترین تاوان دەرهەق بەم خەڵکە ئەنجام دەدەن. تاڵەبانی و بارزانی زۆر بە چاکی نیازی پیس و فاشیانەی هێزە ئیسلامی و شوڤێنیستەکانی عێراق بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان درك دەکەن،بەلاچم بۆ مەرامی کۆنەپەرستانەی خۆیان دەیانەوێ سەر لە خەڵك بشێوێنن و بەخەڵکی بقەبلێنن، ئەمە نرخی ئیمتیازەکانی خۆیانە.

بانگەوازی من ئەوەیە کە بەپێچەوانەی بانگەشەی و پڕوپاگەندەکانی بارزانی وتاڵەبانی و ناسیونالیزمی کوردەوە،نەك هەر نابێت لەو ڕیفراندۆمە گاڵتەجاڕانەیەدا بەشداری بکرێ و دەنگ بە دەستووری فاشیانەی ⇐




"زامنی نێودەوڵەتی بۆ فیدراڵیەت"، فێڵێکی ترە لێتانی ئەکەن!

جمال محسن

بۆلاپەرە ٣

( بەڵێ ) بۆ دەستور چارەنوسی کەرکوك ئاڵۆزتر دەکات !

عرفان کەریم

بۆلاپەرە ٣

# دانانی ئاڵای کوردستان لەسەر فۆرمی ئیستیفتا، تەڵەیە!

تاهیر حەسەن



لە سیناریۆی گاڵتەجاڕانەی هەڵبژاردندا بۆ ئەم دەسەڵاتە کارتۆنیەی ئێستا،یەکێتی و پارتی ناوی خۆیان نەختە سەر لیستەکانی هەڵبژاردن وناویان لێنا لیستی هاوپەیمانی کورستانی!، ئێستاش بۆ پەردەی دووەمی هەمان سیناریۆ،ئاڵای کوردستانیان داناوە کە دەنگ دەران بەڵێ ی لێبدەن!.

ئەمە تەڵەیەکی زۆر ئاشکرایەو هیچ پووش و پەلاشێکی بۆ شاردنەوەی نەخراوەتە سەر. هۆیەکەشی بە هەمان شێوە ئاشکرایە. یەکێتی وپارتی دەزانن کە ناڕەزایەتی وناڕەحەتی قووڵ و ئەستووری خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتی سەرتاپا دزی و ڕاووڕووت وگەندەڵی وڕەشوە خۆری ١٤ساڵی ڕابردوویان ئەوەندە فراوانە، کە خەڵکی تاقەتی بیستنی ناویانی نیە، چ جای ئەوەی داوایان لێ بکەن دەنگیان پێ بدەن!.بۆیە هەروەکو چۆن خەڵکێکی ئێجگار زۆری ناڕازی بەدەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لە هەڵبژاردنی پێشوودا،خۆش خەیاڵ بەوەی کە دەنگ بە کورد و کوردستان دەدەن، نەك بە یەکێتی و پارتی وچوونە بەردەم سندۆقەکانی دەنگدان،هەر ئاوهاش ئەمجارە تەڵەی( ئاڵای کوردستان) یان بۆ شاردنەوەی ڕووی دزێوی دەسەڵاتیان لەبەر چاوی خەڵك ناوەتەوە.ئەم سیناریۆیە لەو مەشهەدە لە تەمسیلی(مەکی عبداالە) دەچێت کە کابرایەکی دێهاتی بۆ تەسجیل کڕین دەچێتە مەزادخانەکە، لەوێ تەسجیلێکی بۆ لێدەدەن و یەکێکی تری پێ دەفرۆشن!!.

من و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز، ئومێدەوارین و بۆ ئەوە تێدەکۆشین، کە کوردستانی عێراق سەربەخۆ بێت و دانیشتوانەکەی ئاڵایەك بۆ خۆیان دیاری بکەن. ئاڵای هەر وولاتێك تەعبیرە لە جغرافیایەکی سنوور دیاریکراو و پێناسەکراوی نێو دەولەتی، تەعبیرە لە دەوڵەتێکی دیاریکراو کە لە نێو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا جێگاو ڕێگایەکی بە ڕەسمیەت ناسراوی هەیە. خواستی سازدانی ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان بە دەستی خەڵکەکەی،کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، چەندین ساڵە وەك چارەسەرێکی مومکین و عادلانە بۆی تێ دەکۆشێت هەر بۆ ئەمەیە. بەڵام دانانی ئاڵا بە بێ دەوڵەتێکی بەڕەسمیەت ناسراو تەنانەت، قیمەتی فانیلەی تیمێکی فوتباڵی گەرەکێکیشی نیە.دانانی ئەو پەڕۆیەی کە یەکێتی و پارتی ناویان لێ ناوە ئاڵای کوردستان لەسەر فۆرمی دەنگدان لەسەر دەستوور، هەوڵێکی فریوکارانەیە بۆ کەڵك وەرگرتن لە خواستی ملیۆنی خەڵکی کوردستان بە سەربەخۆیی کوردستان، تا لەڕێگایەوە تەسجیلە شکاوەکەی دەسەڵاتی قەومی و ئیسلامی وتایەفەیی و عەشیرەتی تاڵەبانی– جەعفەری بەسەر خەڵکیدا بسەپێنن. بەڵام خەڵکی لە تەجروبەی پێشووەوە ئەم هەوڵە فریەکارانەیەی ئەحزابی کوردایەتیان بۆ ئاشکرابووە و زەحمەتە فریوی بخۆن.



# یەکێتی وپارتی هاوار دەکەن "ئەگەر دەتەوێ ئەنفال دووبارە نەبێتەوە ، دەنگ بدە بە دەستوور؟"

ئەمجەد غەفور

هەرکەسێ بە چاوێکی ئینسان دۆستانەوە بڕوانێتە وەزعی سیاسی ئێستای عێراق‌و ڕووداوەکانی بە دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆرو خاوەن ئەنفال‌و کوشتنی بەکۆمەل، تەنها لە میدیاکانەوە بە ئاشکرا دەبینێ ،کە تا ئێستا ڕۆژانە ئەنفال‌و کوشتنی بە کۆمەڵ درێژەی هەیەو ژیانی خەڵکی عێراق لەو پەڕی مەترسیدایەو دەبێت فریاکەوین‌و ڕزگار کرێن. خەڵکی عێراق بە جیا لەوەی ٣٠ ساڵ زیاتر دەرگیری ڕژێمێکی فاشی‌و دیکتاتۆرو دڕندە بوو، لە هەمان کاتدا لە ناو جەرگەی جەنگێکی درێژخایاندا ژیانیان بەسەر بردووە، کە هەتا ئێستاش ئەو جەنگە هەر درێژەی هەیە.

هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی بەعس‌و داموو دەزگاکانی لە ڕێگەی لاپەرە( ٢ )



# ناسیونالیزمی کورد دەڵێن تیرۆرستان دژی ئەم دەستوورەن، بۆیە بە بەڵێ دەنگ دەدەین بە دەستوور، ئیوە لەم بارەوە دەڵێن چی؟

ناسك ئەحمەد

ئەم جۆرە تەبلیغات و پڕوپاگەندە هەرزانانە،کۆن وسواون وبۆ ناسیونالیزمی کورد هیچ شتێکی تازەی تێدانیە ، لەکاتی خۆئامادەکردنی ئەمریکا بۆ خولقاندنی ئەم کارەساتەی ئێستا، بە ملیۆنەها ئینسانی ناڕازی بە جەنگ لە دنیادا ووتیان بەعسی!. بەخواستی خەڵکی کەلارو سلێمانی بۆ دابینکردنی ئاوو کارەبایان ووت ئاژاەگێڕ و تەقەیان لێکردن،لەکاتێکدا هیچ هێزێك بە ئەندازەی خۆیان خۆش خزمەتیان لە مێژووی خۆیاندا بە بەعس نەکردووەو ئاژاوەگێڕی ئەوانیش بە هەموو کۆن وقوژبن و ماڵ وخێزانێکی کوردستانەوە دیارە. بەڵام ئەگەر ئەمە دیوێکی مەسەلەکە بێت،دیوەکەی تری ئەوەیە،ئەم تەبلیغاتەخۆی ئاشکراترین شێوەی سەرکوتی ئازادی ڕادەربڕینە.بەم پێیە (یەکێتی و پارتی) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە بەخەڵکی دەڵێن، ئەوەی بە نەخێر دەنگ بدات بەم دەستوورە، یان ئەم دەستوورەی قبوولْ نەبێ تیرۆریستە! یان لایەنگری

بۆلاپەرە ٢

مادام ئەو دەستووره لایەنە جۆراوجۆرە ناکۆکەکان لەسەر هاوڕان و خۆیان نووسیویانە، کەوایە بۆچی پەسەند کردنی ئارامی لە عێراقدا بەدی ناهێنێ؟!

محمد غەفوور

لا پەرە ٤

ئەم دەستورە بە تەوافقی لایەنەکان کراوە، نەك بەدڵخوازی لایەنەکان، بۆیە هەر ئەوەندە دەکرا!

جەلال محەمەد

لا پەرە ٤

**دەستوریك کەلەسەر بناغەی ناسنامەی قو می و ئاینی داریژرابیت خەلکی کوردستان پەلکیشی ستەم و پیکدادانی قە ومی دەکات!**

پاشماوەی...

## بانگەوازی ڕێبوار ئەحمەد بۆ خەڵکی کوردستان

بە دەستووری فاشیانەی ئیسلامی– قەومی بدرێت،نەك هەر نابێت دەنگ بە ئیلحاقی ئیجباری کوردستان بەو دەوڵەتە کۆنەپەرست و بەکرێگیراوەوە بدرێت،بەڵکو نابیّ ڕێگا بدرێت ئەم گاڵتەجاڕی ڕیفراندۆمە سەر بگرێت. چونکە لە ڕاستیدا دەنگی خەڵك لەم جۆرە گاڵتەجاڕیەدا هیچ دەورو بایەخێکی نیە، هەر ئەوەندەی ئەوان نمایشەکەیان بۆ ساز بێت وخەڵك بەرنە بەردەم سندوقی دەنگدان،ئیتر ئەوان هەر ئەو ئەنجامە لە سندوقەکان دەردەکێشن کە خۆیان پێشتر بڕیاریان لێداوە. بۆیە بانگەوازی من بۆ خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە بەتایبەت ئەوان زۆر زەرەرمەند دەبن لە داسەپاندنی ئەم دەستوورە داڕزیوەدا، بۆیە دەبیّ لە ڕیزی پێشەوەی خەبات وناڕەزایەتی بۆ ڕیسواکردن و ناکام کردنەوەی ئەم سیناریۆیە ڕاوەستن. دەبیّ کوردستان بکرێتە سەنگەرێکی گەرم و بەهێزی ناکام کردنەوەی نمایشی فەرزکردنی دەستوور، شان بە شان لەگەڵ ملیۆنەها خەڵکی ئازادیخواز وسکۆلار ومتمدنی خەڵکی عێراق، بۆ پووچەڵکردنەوە ئەم پیلانە وئەم گاڵتەجاڕیە بە ڕەشنووس و ڕیفراندۆمیەوە، بێنە مەیدان. ئەم ڕەشنووسە تەنها بۆ زبڵدانی مێژوو باشەو دەبیّ فڕیّ بدرێتە ئەو جێگا شایستەیەی خۆیەوە. لەهەمان کاتدا ئەم دەورەی کە ئێستا بارزانی وتاڵەبانی و حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دەیگێڕن بۆ لەباربردنی خواست وخەباتی خەڵکی کوردستان، بۆ لەباربردنی هەلومەرجێك کە بۆ دەستەبەربوونی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان ڕەخساوە، بۆ هەڕاج کردنی دەستکەوتەکانی خەڵکی کوردستان، دەبیّ ببێتە بەڵگەیەکی دیکە بۆ پەی بردنی زیاتر بە ماهیەتی بزووتنەوەی کوردایەتی و ناکۆکیان لەگەڵ ئازادی و پێشکەوتنخوازی و ماف و ئامانجەکانی خەڵك و دابڕان و تێپەڕاندنی یەکجاری ئەم بزووتنەوەیەو حیزب و سەرکردەکانی.

پاشماوەی ...

## یەکێتی و پارتی هاوار دەکەن (ئەگەر دەتەویّ ئەنفال دووبارە نەبێتەوە ....

هەڵوەشاندنەوەی ڕژێمی بەعسو دامو دەزگاکانی لە ڕێگەی شۆڕشو دەورو ئیرادەی جەماوەری بەرینی خەڵکیەوە ڕووی نەداوە– تا چاوەڕوانی ئەوەمان هەبێت بکەوینە ناو ئارامیو جێگیری سیاسیەوە، ڕژێمی صدام لە ئاکامی جەنگێکی کۆنەپەرستانەو هیرشی دەوڵەتی ئەمریکاو هاوپەیمانانیدا شکستی خواردو لێك هەڵوەشایەوە.

خەڵکی عێراق، لە سایەی هێزەکانی دەوڵەتی ئەمریکاو ئەو هێزە سیاسیانەی خۆیان پیا هەڵپەساردووە، لە ناو جەنگێکی خوێناویوماڵوێرانکەردان، کە گەورەترین خەسارەتو دەردی سەری بەشیانە. ئەو جەنگەی لە ڕواڵەتدا شکستی حکومەتی بەعسو سەرکەوتنی دەوڵەتی ئەمریکای لە خۆدا نیشانداوە، بەلاّم ئەبینین ئەم شەڕە کۆتایی نەهاتووەو بەردەوامەو ڕۆژ بەدوای ڕۆژ گەرم ترو ترسناك ترو ماڵوێرانکەر تر دەبێت. شکستی حکومەتی عێراق بەهێزبونی ئیسلامی سیاسیو دەستەوتاقمی تیرۆریستی بەدوای خۆدا هێنا، بە ناوی مقاومەی ئەمریکا خەڵکی عێراقیان لە ڕۆژگارێکی تا بڵێی تاریکدا ڕاگرتووە، نەکۆتایی ئەم جەنگە دیارەو نە چارەنوسی سیاسی عێراقو نە وەستانی کارەساتو ئەو دەردی سەریانەی ڕۆژانە دەرخواردی خەڵکی ئەدرێن؟

مەیدانی سیاسی عێراق بۆتە ململانیّو جەنگی هێزە ئیسلامیو نەتەوە پەرستو مافیاکان، کە ڕۆژانە سەدان خەڵکی بێتاوانو منالاّنی عێراق قوربانیەکەی ئەدەن، کە پێك هاتەی حکومەتی ئێستای عێراقیش دەورێکی سەرەکی دەبینیّ لە توند کردنەوەی ئەم جەنگو نائارامی سیاسیو گێژاوەدا.

ئەم شەڕە بەردەوامەو کارەساتەکان ناوەستنو هیچ کام لەو لایەنانەش کارو بەرژەوندیان لەسەر ڕاگرتنی ئەم جەنگەو ئاسایی کردنەوەی ئەم هەلومەرجەی ئێستای عێراق نییە.

ڕەشنوسی دەستورێك کە ئێستا ئامادە کراوە بۆ دەنگدان، بە گوێرەی بەرژەوەندی سیاسیو دەوری ئەو هێزە کۆنەپەرستانەو دەوڵەتی ئەمریکا داڕێژراوە، ئەو بەرژەوەندیانەی هەر ئێستا وەزعی عێراقی سەرگەردانو وێرانو پەرێشان کردووە، هەر ئەم وەزعیەتە بۆ خۆی کوشتنی بە کۆمەڵو ئەنفالی زیاتری سەردەمی بەعسە، بۆیە ناوەڕۆکی ڕەشنوسی ئەم دەستوورەش هەر لەسەرەتای خاڵەکانی یەکەمیەوە هەڕەشەمان لێدەکاتو دەمان ترسێنیّ، درێژەی فلیمی ئەم جەنگەمان پیّ ڕادەگەیەنیّ، لە هەمان کاتدا فشارمان بۆ دەهێنن دەبێت پابەندو مل کەچی هێزەکانو دەسەلاّتی ئیسلامی سیاسیو ئەحکامەکانی ئیسلامو مەیدانی جەنگ بینو خیانەت نەکەین!.

جا ئەوە زۆر پووچو بیّ مانایە لە سایەی ڕەشنوسێکی شەڕخوازیدا بانگەشەی ئەوە بکرێت "ئەگەر دەتەویّ ئەنفال دووبارە نەبێتەوە دەنگ بدە بە دەستوور!" خودی ئیسلام داهێنەرو ڕابەری ئەنفالە، بۆ یە ئەو دروشمە گاڵتەجارەو ئەم ڕەشنوسەش هەوڵدانە بۆ دابینکردنو ڕەسمیەت دان بە ئەنفالو کوشتنی بە کۆمەڵ ،کە دەسەلاّتی سیاسی ئێستای عێراق دەیەویّ بە دەنگدانی خەڵکی مسۆگەری بکات. دەستوورێك لە نێوان ململانیّو بەرژەوەندیو ڕێکەوتنو شەڕی ئەو هێزە کۆنەپەرستانەدا چاپ بکرێتو بلاّوبکرێتەوە، دەبێت ڕێگەی پیّ نەدرێت بگاتە ڕۆژی دەنگدان، پەڕە بە پەڕەی بسوتێنرێتو تەپو تۆزەکەی بخرێتە بەر ڕەشەبای دەنگو توورەیی جەماوەری خەڵکیەوە.

نەك دەبێت دەنگی "نا" بە دەستورێکی لەو چەشنە بدەین، بەڵکو دەبێت بەڕووی ئەو هێزە سیاسیانەدا ڕاپەڕینو دەریان پەڕێنین، چونکە پێچانەوەی تەواوی ئەو هێزە ئیسلامیو قەومیانە لە ساحەی سیاسی عێراقداو کردنە دەرەوەی هێزەکانی ئەمریکایە کە زامنی دووبارە نەبوونەوەی ئەنفالو

**هەموو کەسێك، بەبیّ قەیدو شەرت، ئازادە لەوەی هەر بیروباوەڕێکی هەبێت ، وەئازادە لەوەی کە ئەم بیروباوەڕەی بە شێوەی نووسین، شەفەهی، هونەی، یان هەر شێوەیەکی دیکە، چ بەشێوەی فەردی بێت یان دەستەجەمعی دەربڕێت. ڕەخنەگرتن لە هەموو شتێك و هەموو لایەنە سیاسی، کلتووری و ئەخلاقی وئایدیۆلۆژیەکانی کۆمەڵگا، هەروەها ناڕەزایەتی دەربڕین و مانگرتن بەشێوەی فەردی بێت یان بە کۆمەڵ مافی بی قەیدو شەرتی هەموو کەسێکە. هەموو کەسێك دەتوانێت هەر حزب وڕێکخراوێك پێك بهێنێت وە یان بچێتە ناو ئەم دامەزراوانەوە.**

لەبەڵگەنامەی مافەجیهانداگرەکانی ئینسانەوە.

پاشماوەی..

## ناسیونالیزمی کورد دەڵێن تیرۆرستان دژی ..

تیرۆریستانە!.ئەمەش پێچەوانەی سەرەتاییترین پرنسیپەکانی ڕاگیرییە!.چونکە لە هەر جێگایەکی دنیاداو بۆ هەر مەسەلەیەکی دیاریکراو، بۆیە ڕاگیری دەکرێت،تا بزانریّ ڕێژەی موافق و مخالفی خەڵك بەو مەسەلەیە چەندەو کام لا دەیباتەوە.ئەمەی ئەمان ڕاگیرەیە بەشەرتی بە بەڵیّ دەنگدان!!. ئەوەی کە خودی خەڵکانێك بە نەخیر دەنگ بدەن و بە تیرۆریست ئیتیهام بکرێن ، جگەلەوەی تاوانێکەو دەبیّ لێپرسینەوەی لەسەر بیّ، هاوکات جۆرێکی ئاشکرایە لە ڕێگاگرتن لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی دەنگدان!.ئەمە تازە قسەی تەلەفزیۆنەکانیانە،بێگومان وەك سیناریۆی گاڵتەجاڕانەی هەڵبژاردن، وێڕای دنیایەك تەزویرو ساختە، بەکردەوە ئەو هەڕەشەیە لە خەڵکی بە سوکایەتی وبائیعی بڕان وبێکار کردن و جۆرەها هەڕەشەی تر بەڕێوەی دەبەن. پاشان ئەگەر تیرۆریزم وهێزە تیرۆریستەکان تەنیا لە پشتێن و سەیارەی بەمین چێنراودا نەبینین وبڕێك لە پێناسەکانی بووش وبلێر بۆ تیرۆر وادەتر بچین، ئەوەی کە ناسیونالیزمی کورد دەڵیّ ،تیرۆریستان دژی ئەم دەستوورەن دوورە لە ڕاستیەوە!. ئەم دەستوورە بەسەرپەرشتی گەورەترین هێزی تیرۆرستی نێو دەوڵەتی کە دەستەی فەرمانڕەوای ئەمەریکایە نووسراوە، هاوکات ئیسلامی سیاسی سەرەکیترین لایەنی بەشدارە لە نووسینەوەی دەستووورداو سەرو بەری دەستوور جێگای دەستی ئەوانە!.



نـــا

دژی داسەپاندنی دەستووری فاشیانەی قەومی – ئیسلامی

ئەگەر ووتارت بۆئیمە نووسی، تکایە ئاگاداری ئەم خالاّنەی خوارەوە بە:

*– نا.. تەنیا ئەو ووتارانە بلاّو دەکاتەوە کە زۆرتر لە ٤٠٠ ووشە نەبێت. هەر ووتارێك لە جێگایەکی تردا بلاّوکرابێتەوە، بلاّوی ناکاتەوە.

*– هیچ ووتارێك بۆ خاوەنەکەی ناگێڕێتەوە.

*– تکایە تادەتوانی ڕەچاوی سەرو بۆر خاڵبەندی بکە.

*– سەرنووسەر ئازادە لە کورتکردنەوەی ووتارەکان، ئەگەر ناتەویّ دەسکاری بکرێت، تکایە لەگەڵ ووتارەکەدا تێبینی بنووسە.

*– ئەو ووتارانەی دەینووسن با بەفۆنتی ali sahifa bold بێت.

ناوو ئیمزا لە ووتارەکان بدەن.

**نـــا بۆ دەستوری قەومی و ئیسلامی.. بەڵی بۆئازادی و سۆ سیالیزم !**



# ” بەڵی “ بۆ دەستور چارەنوسی کەرکوك ئاڵۆزتر دەکات !

یەکێك لەو مەسەلانەی کە بەئاشکرا و بەڕونی شایەتی دەدات لەسەر ئەوەی کە ئەم دەستورە هیچ نزیکایەتی یەکی لەگەڵ بنەما ئینسانی و ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتی یەکان وجاڕدانەکانی مافی مرۆڤ نی یەو هێندەی تر نائارامی و تێکهەڵچوون لەنێو دانیشتواندا برەو پێدەدا و ئاگری شەرو کینەی قەومی گڕ پێ دەدا ، بەندەکانی تایبەت بە ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوکە ، لەوانە مادەی ٥٨ و ئێستاش ١٣٦ کە بریار لەسەر دەرکردنی عەرەب زمانەکانی ئەو شارەی تێدایە، واتە ئەو کەسانەی کە لەسەردەمی رژێمی بەعس دا لەوێ نیشتەجێ کراون وە ئێستا ئەحزابی قەومی کوردی پێیان دەڵێن (عەرەبی هاوردە ) ، ئەم بڕیارە ئەگەر ناوەرۆکەکەی تەماشا بکەین تەنیا بانگەواز بۆ شەڕو نائارامی زیاتر هیچی تر نی یە، وە ئەو ئەحزاب و لایەنانەی کە سورن لەسەر جێبەجێکردنی ئەم مادەیە تەنیا مەرامێکی سیاسی حزبی خۆیان لە پشتەوە حەشارداوە، کەئەویش بەکارهێنانی (مەسەلەی ) کەرکوکە بۆ بەدەستهێنانی پلەو پایەکی بەهێزتر بۆ خۆیان لە حکومەتی مەرکەزی دا.( نمونەی کێشەی تاڵەبانی و جەعفەری ) نەوەکو پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی خەڵکی کورد زمانی شاری کەرکوك ، بەهەمان شێوەش ئەحزابی قەومی وتورکمانی و پاشماوەکانی رژێمی بەعس دەیانەوێ کەرکوك بکەنە مەیدانێك بۆ یەکلاکردنەوەی بەرژەوەندی یەکانی خۆیان و بە بیانۆی مەترسی (هێرشی) ئەحزابە کوردی یەکان بەرەیەکی قەومی ڕەگەزپەرستیان دروستکردوەو ولەسەر ئەم مەسەلەیە ڕۆژانە سەرمایەگوزاری دەکەن ، لە کاتێکدا ڕێگاچارەیەکی زۆر ئینسانی و سادە هەیە کەبێ ئەوەی مافی هاولاتی یەکسان و هەویەتی ئینسانی شاری کەرکوك بەڕەسمی لەیاسای دەوڵەتدا بناسرێت و ڕێگا لە دووبارەکردنەوەی سیاسەتی تەرحیل ودەرکردنی خەڵکی بگیرێت و ئەو خەڵکانەی کەدەرکراون بگەرێنەو جێگای خۆیان و قەرەبوو بکرێنەوە ، رژێمی بەعس رووخاوەو کۆتایی پێهات، ئیتر بۆدەبێ سیاسەتەکانی لەژێر ناوی (ئاسایی کردنەوەی ) بارودۆخی کەرکوکدا دووبارە پەیرەوی لێبکرێت و دووبەرەکی و تۆڵەی قەومی لەنێو خەڵکی دا برەو پێبدرێ ...؟، ئەم شارە جێگەی سەدان هەزار ئینسانی تری تێدا دەبێتەوە وئیمکانی پێکەوە ژیانی خەڵکیش زۆر بە ئاسایی دەروا بەرێوە، ئەگەر کێشەی قەومی لەنێوان ئەم خەڵکەدا دروست نەکرێت ، یەکێتی وپارتی لەکاتێکدا بارودۆخی کوردستانیان روونەکرۆدتەوەو ئاساییان نەکردۆتەوە و هەریەك بۆ خۆیان ناوچەیەکیان بەهێزی میلیشیا داگیرکردوە و دوو حکومەت و دوو جۆر دەسەڵاتیان دروستکردوە ،١٠ دە ساڵە خەڵکی کوردستان بەئەمرۆ ناسبەی ( یەکدەگرینەوە ) فریو دەدەن و هەزاران ئاوارەی شەڕی ناوخۆی ئەمانە هێشتا لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر لە چاوڕوانی دا زیندانی کراون ، لەولایشەوە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە ئیسلامی و ناسوینالیستەکانی تر لە بابەتی جەعفەری و الحکیم وعەلاوی هیچ ئەمنیەتێکی تێدانی یە و نەیانتوانیوە کەمترین خزمەتگوزاری بۆ خەڵك دابینبکەن ...، چۆن دەتوانن بەم دەستوری بانگەوازی شەڕی قەومی یە بارودۆخی شارێك ئاسایی بکەنەو روونی بکەنەوە ....؟

مادەی ٥٨ بە ئاشکرا بیانۆیەك دەدات بەدەست ناسیونالیستی عەرەب و پاشماوەکانی بەعس کە بانگەوازی کوشتاری قەومی دەست پێبکەن ولەهەرشوێنێکی عێراقدا کوردنیشین هەبوو دەربکرێن. شەری پاکسازی قەومیان لەبەرامبەردا بکرێت و هێندەی تر خۆیان بەهێزتر بکەن و کەڵك لەم بارودۆخە وەربگرن ، ئەمە ئەوپەری بێدەربەستی و یاری کردنە بەچارەنوس وژیانی سەدان هەزار ئینسانەوە لەناوچەکانی بەغداو موسل و تکریت و چەندین شوێنی تر لە عێراقدا، ئەم دەستورە سەرتاپای بەرنامەڕێژی یە بۆ قۆناغێکی تر لەشەرو کێشەو تێکهەڵچوونی قەومی، نەوەك بەرقەرارکرنی ئارامی و ئاسایش بۆ خەڵکی! ، هەربۆیە ڕەتکردنەوەی دەستورو ڕیسواکردنی، (نا) یەکی مەزنە بەشەڕی پاکسازی قەومی وگورزێکی قایمە لە هەوڵ وتەقەلاکانی دووبارەکردنەوەی سیاسەتەکانی بەعس . ٩/١٠/٢٠٠٥

**دیندار بوون یان بێ دینی، بێ هیچ قەیدو شەرتێك ئازادە. دین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن جیایە. هەر جۆرە گووشارێکی فیزیکی و نەفسی بۆ قبووڵکردنی دین قەدەغەیە. هەڵبژاردن یان هەڵنەبژاردنی دین مەسەلەی گەورە ساڵانە. منالان و تازە لاوان دەبێ پارێزراو بن لە هەر جۆرە دەستدرێژیەکی ماددی ومەعنەوی دین و دامەزراوە دینیەکان. ڕاکێشانی کەسانی غەیرە گەورە ساڵ بۆ ناو گروپە دینی و ڕێوڕەسم و شوێنە دینیەکان قەدەغەیە. ووتنەوەی وانە دینیەکان، ئەحکامە دینیەگان وەیان لێکدانەوەی دینی مەسەلەکان لە خوێندنگاو دامەزراوە تەعلیمی یەکاندا، قەدەغەیە.**

لەبەلگەنامەی مافە جیهان داگرەکانی ئینسانەوە



# "زامنی نێودەوڵەتی بۆ فیدراڵیەت"، فێڵێکی ترە لێتانی ئەکەن!

## جمال محسن

پێش هەرشتێك و بێجگە لە ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی فیدراڵیزم کە جوداسازی نێوان ئینسانەکان لەسەر بنەمای ئینتمای قەومی هەتا هەتایی ئەکاتو خەڵکی "کورد"و "عەرەب" و "تورکمان"و..... لەسەر بۆمبێك دائەنێ، کە هەر ڕۆژێك قابیلی تەقینەوەیە، پرسیار ئەوەیە ئایا دەنگدان بە "بەڵێ" زامنی نێونەتەوەیی ئەدات بە کێ و بۆ چی؟! ئەوانەی ئەوان پێی ئەڵێن پشتیوان، چ لە دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بگرە، تا ئەو دەوڵەتانەی لەباراندنی موشەكو وێرانکردنی کۆمەڵگای عێراقدا بەشدارییان کردووە، تەنها بۆ ئەوەیە مۆر لەدەسەڵاتەکەی ئەوان بدەنو ڕەسمیەت بە بازرگانییەکەی ئەوان بە ژیانی خەڵکەوە بدەن. تا زیاتر بانکەکانیان بۆ ئاوەلا بکەن. هەموان ئەزانن کە ئەمەش یەك زەڕڕە فڕی بەسەر خواستو ژیانی خەڵکەوە نییە.

ئەوان ڕاست ئەکەن بۆ مەرامی خۆیان، بۆ فەرزکردنی دەسەڵاتی دینو قەومگەرایی پشتیوانی تۆنی بلێرو بوشو شاگردەکانیان (ئەو حکومەتە بچوکانەی بەشداری ئەم پرۆسەیەیانن)، بەدەست ئەهێنن. بەڵام هەر زوو کاتێك کە ئەو هێزانەی ئەم دەستورەیان نووسیوە خۆیان شەقیان تێ هەڵدا، ئیتر کەس نازانێ بە پێی ئەو تەوازنەی ئەکەوێتە نێوانیان چ وولاتێك لەگەڵ کامیان ئەبن. خەڵکو ژیانو خواستەکانیشیان ئەبێ بەژێر پێیانەوە. بۆیە ئەم دروشمەش بەقەدەر خودی فیدراڵیزمەکەیان کۆنەپەرستانەو دژی خەڵکییە.

پشتیوانی نێودەڵەتی ئەو هێزە گرنگە کە بە ملیۆنەها "نا" یان بۆ لێدانی عێراق ووت، ئەو ئینسانانەی کە دڵیان لەگەڵ خەڵکی عێراقدا لێئەدات بۆ ڕزگاربوون لەو سیناریۆو ژیانە ڕەشەی تێی کەوتوون. ئەو پشتیوانەیەش بەوە بەدی نایەت دەنگی "بەڵێ" بۆ دەستورێك بەسەر خەڵکدا فەرز بکرێت کە بۆ سەپاندنو ڕەسمی کردنی تەفرەقەی نێوان ئەو ئینسانانەیە کە ساڵەهایە پێکەوە ژیان ئەکەنو ئەم کوشتو کوشتارەیان بە خەیاڵیشدا نەئەهات. بەڵکو بەوە زامن ئەکرێت خەڵك خۆی لە پرۆسەی دیاریکردنی چارەنوسو ژیانی خۆیدا ڕۆڵی سەرەکی هەبێ. گەر لە خەڵکی کوردستانیش بگەڕێنو بهێڵن ئازادانە دەنگ بدەن، ئەوان فیدراڵیزم هەڵنابژێرن، و دەنگ بە سەربەخۆیی کوردستان ئەدەن.

کەوایە ئەمەش دروشمێکی پووچو فێڵێکی ترە لە خەڵکی ئەکەن تا چاویان ببەستنو دەنگی "بەڵێ"یان پێ بدەن! خەڵکیش ئەبێ بەمە هوشیار بێتو دەنگی پێ نەدات. ٠٩/١٠/٢٠٠٥

**دەستوریك دەتوانی وەلام دەرەوەی خواستەکانی خەلکی عیراق بیت کە پشتی بەستبیت بەمافی هاولاتی یەکسان ولەسەر بناغەی ئازادی و یەکسانی و مافە جیهانداگرەکانی ئینسان داریژرابیت.!**

## مادام ئه‌و ده‌ستووره لایه‌نه جۆراوجۆره ناكۆكه‌كان له‌سه‌ر هاوڕان و خۆیان نووسیویانه، كه‌وایه بۆچی په‌سه‌ند كردنی ئارامی له عێراقدا به‌دی ناهێنێ؟!



محمد غفوور

ئه‌و هێز ولایه‌نانه‌ی كه ده‌ستووریان داڕشتووه و ئێستاش هه‌راوهوریایان بۆ ده‌نگدان له‌سه‌ری سازكردووه، خۆیان له هه‌ڵبژاردنێكی ساخته‌كارانه‌وه سه‌ریان ده‌رهێناوه‌و، هیچ شه‌رعیه‌تێكیان نیه، وبه هیچ جۆرێكیش مافی نووسینه‌وه‌ی ده‌ستووریان نه‌بووه‌و نیه. ئه‌م لایه‌نانه نه‌ك هه‌ر ئێستا، به‌ڵكو هیچ كاتێك له‌سه‌ر هیچ شتێك به‌م ده‌ستووره‌شیانه‌وه ڕێك و هاوڕا نه‌بوون. هه‌میشه له نیزاع و كێشمه‌كێشدا بوون، وله‌ژێر گوشاری ئه‌مریكادا له‌سه‌ر مێزی گفتوگۆ دانیشتوون و به‌ته‌وافقاتی پووچ و كاتی گه‌یشتوون له‌سه‌ر دابه‌شكردنی ده‌سه‌ڵات و داهاتی كۆمه‌ڵگه. ئه‌م ڕۆژانه بوو كه چه‌كداره‌كانی سه‌رۆك وه‌زیران ئیبراهیم جه‌عفه‌ری هه‌ڵیانكوتایه سه‌ر كۆشكی سه‌ر كۆمار جه‌لال تاڵه‌بانی و هێزه‌كانی ئه‌مریكا فریا كه‌وتن و كردیان به‌ژێره‌وه. پێشتریش چه‌ته‌كانی سه‌در و به‌در كه‌وتنه وێزه‌ی یه‌كتر!. دوا نیزاعیش ناڕه‌زایه‌تی نامه ١٣ خاڵی یه‌كه‌ی بارزانی و تاڵه‌بانی بوو كه به‌رزیان كردووه له به‌رامبه‌ر ملهوڕی و تاكڕه‌ویه‌كانی جه‌عفه‌ری داو (الله وئه‌عله‌م!) چۆن چۆنی سه‌ر قاپیان نایه‌وه؟!. به‌ڵام هه‌میشه له‌به‌رامبه‌ر خه‌ڵكو جه‌ماوه‌ر و ماف و خواسته‌كانیاندا، وه بۆ ووردكردنی ئیراده‌ی خه‌باتكارانه و ئازادانه‌و ئینسانییان ڕێك و ته‌بابوون. من به دڵنیاییه‌وه ئه‌م حوكمه ده‌ده‌م.

سه‌رتاپای ئه‌وه‌ی به پرۆسه‌ی سیاسی بنیاتنانه‌وه‌ی بنه‌مای ده‌وڵه‌ت و كۆمه‌ڵگه‌ش ناو ده‌برێت، زه‌ڕپیه‌ك قانوونیه‌تی نیه. چونكه هه‌م پرۆسه‌كه‌و هه‌م ته‌واوی ئه‌و ئه‌نجومه‌ن و دامه‌زراو و یاسا و بڕیارانه‌ی پێی گه‌یشتوون، به‌رئه‌نجامی بارودۆخی جه‌نگی ئه‌مریكان و له‌ژێر سایه‌ی داگیركاریدا پێكهێنراون و دامه‌زرێنراون، وبه‌م پێیه‌ش هیچ قاوونیه‌تێكیان نیه. له‌لایه‌كی دیكه‌شه‌وه ئه‌مه ماناكه‌ی ئه‌وه‌یه كه هه‌ر ئه‌م هێزانه خۆیان ڕاسته‌وخۆ ده‌خیل وشه‌ریك و خولْقێنه‌ری هه‌لومه‌رجی مه‌ئساوی و نائارامی ئێستان، خۆ خه‌ڵه‌تاندنه ئه‌گه‌ركه‌سێك له‌سه‌رئه‌و باوه‌ڕه بێت، كه ئه‌مانه ئارامی و ئاسایش دابین ده‌كه‌ن!.هه‌روه‌ها ئه‌م ده‌ستووره به هۆی ماهیه‌تی دژی خه‌ڵكی لایه‌نه‌كانی پشتیه‌وه، ئه‌گه‌ر گاڵته‌جاڕی ڕاپرسیان بۆ بچێته سه‌ر، زه‌ربه‌یه‌كی كوشنده ده‌دات له ئازادی ومه‌ده‌نییه‌ت و شارستانییه‌تی كۆمه‌ڵگه. ئه‌م هێزانه ده‌یانه‌وێ به ڕاپێچكردنی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵكی عێراق بۆ ناو گاڵته‌جاڕی ڕیفراندۆم له‌سه‌ر ده‌ستوور، له‌ژێر په‌رده‌ی دابین بوونی ماف و خواسته‌كانی گوایا ئه‌و قه‌وم و تایه‌فه‌و عه‌شیره‌تانه‌دا كه ئه‌مان نوێنه‌رایه‌تیان ده‌كه‌ن له‌ناو ده‌ستووردا، له ڕاپرسیه‌كی فریوكارانه‌دا مه‌شروعیه‌ت بده‌ن به بنه‌ما قه‌ومی و ئایینی و تایه‌فه‌یه‌كانی ده‌ستووره‌كه‌یان، وپاشان به پشتبه‌ستن هه‌ر به‌م ده‌ستووره قه‌ومی– ئیسلامیه فاشیانه‌یه، ناسنامه‌ی هاووڵاتیبوونی خه‌ڵكی عێراق پووچه‌ڵ بكه‌نه‌وه. به بڕوای من ئا ئه‌مه بنه‌ما و سه‌رچاوه‌ی نا ئارامی و هه‌ڵگیرانی ئه‌من و ئاسایشه.

هێنانه ئارای پرۆسه‌ی ده‌ستوور به‌گشتی، و سازكردنی ده‌نگدان له‌سه‌ری (ته‌نانه‌ت بۆشیان گرنگ نیه،ده‌نگدان به به‌ڵێ یاخود به نه‌خێر، گرنگ ئه‌وه‌یه خه‌ڵك ڕاپێچكه‌نه ناو پرۆسكه‌وه‌و قه‌ره‌باڵغی به‌رده‌م كامێرای ته‌له‌فزیۆنه‌كان موهیمه بۆیان!)،خۆ لادانه له‌م حه‌قیقه‌ته‌و له‌هه‌مان كاتیشدا ڕه‌سمییه‌تدانه به بارودۆخی كاره‌ساتباری ئێستا. بۆیه هه‌نگاوی یه‌كه‌م و سه‌ره‌كی له ڕاستای كۆتایی هێنان به نائارامی و شه‌ڕ و كوشتاری هه‌مه ڕۆژه‌دا، تێهه‌ڵدانی ئه‌م ده‌ستووره‌یه‌و ڕسواكردنی ڕاپرسیه له‌سه‌ری. یه‌كێتی و پارتی به‌ناوی فیدراڵییه‌كی بێ ناوه‌ڕۆكه‌وه سه‌ربه‌خۆیی كوردستانیان هه‌رزان فرۆش كردووه، و به پێچه‌وانه‌ی خواستی خه‌ڵكه‌وه له‌پێناوی به‌شی زیاتر له ده‌سه‌ڵات و داهاتی عێراقدا، ده‌ستیان خستۆته ناو ده‌ستی ئیسلامی سیاسیه‌وه. بۆیه ئه‌مڕۆ خه‌ڵكی كوردستان به ووتنی (نا بۆ ده‌ستوور) و (به‌ڵێ بۆ سه‌ربه‌خۆیی كوردستان)، هه‌نگاوێكی پته‌و به ئاراسته‌ی شكست پێهێنانی دووباره ئیلحاقكردنه‌وه‌ی كوردستان به عێراقه‌وه ده‌چه‌قێنن. وه كوردستانیش له ڕۆچوون بۆ ناو مه‌رگه‌سات و ئاگری جه‌نگ و تیرۆری هه‌مه ڕۆژه‌ی به‌شه‌كانی تری عێراق ده‌پارێزن.

## ئه‌م ده‌ستوره به ته‌وافقی لایه‌نه‌كان كراوه، نه‌ك به‌دڵخوازی لایه‌نه‌كان، بۆیه هه‌ر ئه‌وه‌نده ده‌كرا!

جه‌لال محمد

ئه‌م دروشمه‌ی پارتی و یه‌كێتی ئه‌گه‌رچی پاشه‌كشه‌یه‌كی ڕۆشنه له‌به‌رده‌م بێزای وتوڕه‌یی خه‌ڵكی كوردستان له هه‌ڵوێست وسات و سه‌ودای هه‌ردوو حیزبی بزوتنه‌وه‌ی كوردایه‌تی به مافه سیاسی ومه‌ده‌نیه‌كانیان وكردنی ئه‌م مافانه به قوربانی قازانجی ته‌سكی حیزبایه‌تی وته‌نانه‌ت قازانجی ته‌سكوچاوچنۆكانه‌ی گه‌وره لێپرسراوه‌كانیان، به‌ڵام له هه‌مان كاتدا دروشمێكی خه‌ڵه‌تێنه‌ر و چه‌واشه‌كارانه‌ی دوو حیزبی ناوبراوه بۆسه‌پاندنی ده‌ستورێكی سه‌رتاپا كۆنه‌په‌رست و نا ئینسانی به سه‌ریاندا، كه له‌یه‌كه‌م هه‌نگاویدا شه‌ڕی مه‌ركه‌زی و ڕژێمه نه‌ته‌وه‌كان و تایه‌فه ودینه‌كان ده‌كاته مه‌سه‌له‌یه‌كی ڕۆژانه‌ی ژیانیان و دۆزه‌خێك بۆ خه‌ڵكی كوردستان ساز ده‌دات كه مه‌علوم نیه كه‌ی و به‌چ كاره‌ساتێك كۆتایی دێت.

" نابێ وناكرێ! " دروشمێكی نه‌سه‌یره‌و نه تازه‌ی بزووتنه‌وه‌ی كوردایه‌تی وئه‌م دوو حیزبه‌یه، سه‌رتاپای ژیان ومێژوویان هه‌ر بریتی بووه له كه‌ڕكردنی گوێی جه‌ماوه‌ری كوردستان به‌م دروشمه، كاتێك قسه له‌سه‌ر دیاریكردنی داخوازیه ڕه‌واو وبه‌رهه‌قه‌كانی خه‌ڵكی كوردستان بووه چ له‌به‌رامبه‌ر ده‌سه‌ڵاتی بریقه‌داریان ته‌خشان كۆنه‌په‌رسته‌كانی عێراق وئه‌مریكا وته‌نانه‌ت هه‌ندێ دیپلۆماتی كۆنه‌په‌رستی وه‌ك هێنری كیسنجه‌ر وژه‌نه‌راڵه‌كانی توركیادا و ده‌عبا عه‌مامه‌به‌سه‌ره‌كانی ئێراندا، چ له‌به‌رامبه‌ر ده‌سه‌ڵاتی به‌زۆر سه‌پێنراوی هه‌ردووكیان له كوردوستاندا ، به‌ڵام كاتێك قسه هاتۆته سه‌ر شه‌ڕ وكوشتاروكاتی ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌كانیان له‌گه‌ڵ ڕژێمدا و یاخود له كاتی شه‌ڕه ناوخۆییه زۆر زه‌به‌نده‌كانیاندا، ئه‌وه ئیتر جه‌ماوه‌ری كوردستان مایه‌ی هێز وسه‌رچاوه‌ی توانای حیزب وبزوتنه‌وه‌كه‌یان بووه وجۆره‌ها دروشم وبه‌ڵێنی وپه‌خشانكردوه بۆ هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندنی خه‌ڵك ، ئه‌گه‌ر چی له‌م بواره‌شدا مایه‌ی جۆرها كاره‌ساتی جه‌رگ بڕبوون. به‌ڕاستی ژیانی ژێر ده‌سه‌ڵاتی چوارده‌ساڵی ڕابردووی خه‌ڵكی كوردستان ئه‌و ڕاستیه‌مان بۆ زه‌ق ده‌كاته‌وه كه، نه‌ك هه‌ر ئه‌م دروشمه ودروشمه‌كانی تریش،به‌ڵكو خودی هه‌ردوو حیزب وبزوتنه‌وه‌كه‌یان نه‌ك هیچ مافێك بۆخه‌ڵكی كوردستان به‌دیناهێنن، به‌ڵكو خۆیان بوونه‌ته كۆسپێكی گه‌وره‌ی وه‌ده‌ستهێنانی مافه سیاسی ومه‌ده‌نیه‌كانیان، ئه‌م ده‌ستووره نه‌ك هه‌ر هیچ مافێك بۆ خه‌ڵكی كوردستان مسۆگه‌ر ناكات، به‌ڵكو ئه‌ومافه كه‌مه‌ش كه تائێستا خه‌ڵكی كوردستان به خه‌باتی خوێناویان به‌دستیان هێناوه پێشێل ده‌كات. چونكه زه‌مینه‌ی شه‌ڕی نه‌ته‌وه‌یی وعه‌شیه‌ره‌تی وتایفه‌یی به‌ته‌واوی ڕه‌سمی ده‌كاته‌وه . به‌ڵێ ووتنی خه‌ڵكی كوردستان یاخود به‌شداری كردنیان له ته‌ڵه‌ی ده‌نگداندا، جارێكی تر هێز وگوڕده‌به‌خشێ به‌هه‌ردوو حیزبی بزووتنه‌وه‌ی كوردایه‌تیكه ناڕه‌زایه‌تیه‌كانی جه‌ماوه‌ری كوردستان خه‌ریكه ده‌یان خاته پاڵ ڕژێمی دڕه‌نده‌ی به‌عس و له زبڵدانی مێژوودا له‌جێگه ی شایسته‌ی خۆیان دایان ده‌نێ.

٧/١٠/٢٠٠٥

## یه‌كه‌مین جاره له نووسینه‌وه‌ی ده‌ستووردا به شداری ده‌كه‌ین،بۆیه ده‌نگی بۆ ده‌ده‌ین!.

خه‌سره‌و سایه

هه‌له‌یه ده‌نگدان بۆده‌ستور!.. ئاخر ئه‌وه ئێمه خه‌لكی كوردستان نه‌بووین كه‌له‌نوسینه‌وه‌ی ئه‌م ده‌ستوره‌دا به‌شداربووین به‌لكو ئه‌وه تاله‌بانی وبارزانی و نوینه‌رانیی ئه‌وان بوون كه‌ده‌ستیان خستۆته نیو ده‌ستی ئه‌مریكاو سیستانی و جه‌عفه‌ری و چه‌له‌بی و عه‌لاویه‌وه‌و به‌ناوی ئێمه‌وه كه‌وتوونه‌ته سات وسه‌وداوه، ئه‌وانه نوینه‌رانی حكومه‌ت و ده‌سه‌لاتیكین كه دوینی فایلی ره‌شیان ئاشكرابوو ئه‌مرۆش كه‌وتنه به‌ر رق و توره‌یی خه‌لكی رانیه و كه‌لار و سلیمانی‌یه‌وه، ئه‌مانه كه‌به‌ناوی ئێمه‌وه قسه‌ده‌كه‌ن، ئه‌وانه‌ن كه نوینه‌ری فه‌ساد و گه‌نده‌لی و گیرفانپركردن و كه‌له‌كه‌ی سه‌رمایه‌و پاره‌و پولی خۆیانن و هۆكاری هه‌ژاری وبه‌دبه‌ختی و بیخانه‌ولانه‌ی ئێمه كۆمه‌لانی خه‌لكن.. كه‌وایه نابی به‌قسه‌ی ئه‌مانه فریو بخۆین! نابی هیچ كه‌س به‌پروپاگه‌نده‌ی ئه‌حزابی ده‌سه‌لاتدار هه‌لخه‌له‌تیت.. ده‌یان و سه‌دان نمونه له‌به‌رده‌ست دایه كه‌ئه‌وان درۆ له‌گه‌ل خه‌لكی ده‌كه‌ن .. دووباره هه‌له‌یه ده‌نگدان بۆ ده‌ستور چونكه ئه‌مه ریگایه‌كی خۆكوژی سیاسی یه..! به‌تایبه‌تی ده‌ستوریك كه‌له‌ژیر ره‌حمه‌تی توپ و تانكی ئه‌مریكاو شه‌ور كاولكاری‌یدا، و له‌لایه‌ن سه‌رۆكی قه‌وم و قه‌بیله‌و تاییه‌فه‌و لقه ئاینی‌یه‌كانه‌وه نوسراوه، ده‌بی چ ده‌ستوریك بیت!؟

ئه‌م ده‌ستوره ده‌بی ره‌ت كریته‌وه.. ! چونكه شه‌رعیه‌ت به شه‌رو پیكدادانی قه‌ومی وئاینی ده‌دات، چونكه ناسنامه‌ی كۆمه‌لایه‌تی خه‌لكی عیراق له هاولاتی بوونه‌وه به‌سه‌ر قه‌وم و تیره و ئاینه‌كاندا دابه‌شده‌كات.

ئه‌م ده‌ستوره ده‌بی ره‌ت كریته‌وه، چونكه شه‌ریعه‌تی ئیسلامی ده‌كاته سه‌رچاوه‌ی ماف و ئازادی‌یه‌كانی خه‌لكی و به‌م هۆیه‌شه‌وه ژنان كه‌نیوه‌ی كۆمه‌لن ده‌سپیری به فاشیزم وپیاوسالاری ئیسلامی. ئه‌م ده‌ستوره نه‌ك هیچ داهاتووه‌یه‌ك بۆ خه‌لكی كوردستان له‌به‌ر چاوناگری به‌لكو یه‌كسه‌ره مافی بریاردانی خه‌لكی كوردستان له‌سه‌ر داهاتووی خۆیان له‌ریگای به‌رپاكردنی ریفراندۆمیكه‌وه ناوه‌ته ژیرپیوه.. له‌یه‌ك ووشه‌دا ئه‌م ده‌ستووره ریگای به‌زۆری پیكه‌وه لكاندنه‌وه‌ی خه‌لكی كوردستانه به حكومه‌ت و ده‌وله‌تیكه‌وه كه خه‌لكی كوردستان ده‌نگیان پی نه‌داوه.. كه‌وایه باشتره چه‌ند سالی تر به‌دیار ده‌ستوره‌وه دانیشین.. تائه‌وه‌ی خۆمان به‌ده‌ستی خۆمان كۆت وبه‌ند بخه‌ینه‌گه‌ردنه‌وه..